119
ژمـــــاره
مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١١٩) ٢٥/١٢/ ٢٠١٠
بەکاتی بابانوێڵی لایت شەحن




بابانوێڵ لە کەرکووک
کاریکاتێری عەلی دەروێش..ل١١

# گێپ

وا جەژنەو سەری ساڵە.. بابانوئێل بێ حاڵە.. لە عێراقی پڕ لە نەوت.. تورەکەکەی بەتاڵە هانییە گوڵ هانییە.. دەستووری ئەڤغانییە.. کابینەکەی مالیکی.. نیو ژنیشی تیانییە ئانە مانە لووت پانە.. پف لەم بڕیارە جوانە.. شانۆ و موزیک دائەخەن.. دەیکەن بە جبەخانە بەسێ و بەسێ و بەسێ.. دوای دوو ژن مەیکەن بە سێ.. لەسەر کەلیمەی جێندەر.. وا مەعرەکە هەڵئەسێ

سوبعەت تاسەر ئێسقان

Email:www.gepgovar@yahoo.com
www.gep-media.com

## کێشە کەڵەکەبووەکان




کاریکاتێر:
سالم سەلیم

# فەلسەفەی (خۆ ڕووتکردنەوە)و قەراری وەزیر



غەڵبەغەڵب

محەمەد قادر

ڕاستە خزمەکانی (ئارنۆڵد شوالینزەر)و(سلڤستەر ستالۆن) لە 2003 دا عێراقیان لە ناو قورگی گورگ هێنایە دەرەوە، نەوت و خێرو بەرەکەتی وڵاتیان بەشێکی بۆ خۆیان و بەشەکەی تریشیان خستەوە دەست خەڵکەکەی و، حوکمی تاک نەفەری و دیکاتۆریەتیان سووک و سەلیم کرد، بۆ یەکەمجار فێری دەنگدان و هەڵبژاردنیان کردن و، لەبری قەپۆزی سەدام پۆستەری بیچمگەلێک پاڵێوراوی سەرو سمێڵ بۆیاخمان بینی دەنگیان پێ درا، بەلای کەمەوە ئێستا لەژیانی خۆشاردنەوەی نێو کەنتۆر و بۆفیەو پشتی نوێن و ناو کەوانتەرو ژێرزەمین و ناو گەوڕ و تەویلەو تەنووری نانەوخانە (بە فیراری) نەجاتمان بوو!

لە مەنزەری ترومبێلی (موسەلەحە)و دەموفڵقی مولازم موحسین و عەلی و عەلاو چەللوب و جەلعوط و شەرشور رزگارمان بوو، خۆیان بەنێو پەیمانگاو زانکۆکاندا دەکرد و مۆدێرنترین شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوتابی و مامۆستاندا، شەق و زللەو (کلب ابن الکلب) و (لەعنە عەلا والدێک) بوو!

ئاخر بێ ئینسافییە ئەم دەورو زەمانەمانەی ئێستامان بەدڵ نەبێ! ئەی ئەوەنیە لەدووای ڕوخانی ئەو نەعلەتییانەوە کەس جنێو و شەق و کێبڵ بارانمان ناکات؟! تەنها جارجار نەبێ دراوسێکانمان بە تۆپ باران و تەدەخولی عەسکەری و موخابەراتی و موئامەراتی و حەشیشی سوکە چرنووقێکمان لێ دەگرن !

مەگەر ئێستا لەجیاتی ڕەسمی ئەو نابووتە لەسەر کتێبەکانی مەکتەب بەکەیفی خۆمان یاری بە سستم و وانەو وێنەو زمان و پرۆگرامی خوێندن ناکەین؟ لەهەنێ قوتابخانەش نەک هەر لە قوتابی نادرێ، بەڵکو مامۆستا لەترسا موجامەلەی قوتابیان ئەکات!

ئەی ئەوەی نییە سایەق لەسەر جادەکان سواری ملی یەکتر و تەنانەت شۆستەو مروریش دەبن و کەسیش ناڵێ لەل! مەگەر شەهادەی زانکۆو پەیمانگاکان پڕ بەپێستی دائیرەو مووچەکانمان لە بازاڕدا ناکڕین؟

نانانا.. بەڕاستی بێتاممان کردووە! توخوا وەزع لەوە دیموکراسیتر ئەبێ؟ شەو خۆڵ بباریێ، بەیانی مەلابانگان گەورەو بچوک و منداڵ و تەلەبەو نەخوێندەوارو پیرو و پەککەوتە ئەڕژێنە سەر جادەکان و ئەوەی بە حوکمەتی ئەکەن، با بە دەواری شڕی نەکردووە! ئەگەر پۆلیسێکیش مۆرەیەکیان لێکات، 150 ڕێکخراوی مەدەنی و مرۆیی و سیاسی و ئەکەن بە گژ دەولەتدا و لە نوێژی ئەبەن!

وەزع بۆ خۆش نییە؟ ئەوە نییە موەزەفێک بە 3 ڕۆژ خزمەتەوە (بە قودرەتی قادر) دەکرێتە بەڕێوەبەر؟! ئەوە نییە هەندێ گۆرانبێژی حولحولی کلیپ بە رووت وقوتی لە حەمام و WCدا دەردەکەن و دەڵێن: (فەلسەفەی خۆڕووتکردنەوە)یە! ئەی ماڵوێران بۆ زوتر قسەت نەکرد؟ ئەگەر هیگڵ و دیکارت و رۆسۆ بیانزانیبا ڕووت و قووتی فەلسەفەیە! لەجێی نووسین و فکر، هەموو عومری منداڵی و گەنجێتی و پیرێتیشیان لەنێو حەمامدا دەبردەسەر!

جاران لە تاقیکردنەوەی شۆفێریدا گەر لەکاتی بەگ دانان ئاوڕت لە پشتەوە بدایەوە، مرووڕەکە بە مورتاحییەوە زەڕبێکی ڕاست و چەپی بە فایلەکەتدا دەهێنا! کەچی ئێستا لە سەردەمی عەولەمەو تەکنەلۆژیادا وەزیری پەروەردەی عێراق پشتی کردۆتە پێشەوەو رووی کردۆتە چاخەکانی ئەبو جەهل و دەیەوێ بەشی شانۆ و موزیک لە پەیمانگەی هونەردا بە قوفڵی جەهالەت دابخات!

ئاخر با تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێین، کێ دەڵێ جەنابی وەزیر حیفزەن وە حیفازەن عەلا حیفزی هونەرو مێژووی فەرهەنگی عێراق وای نەکردووە؟! بەخوا بڕواش ناکەم خوانەخواستە جەنابی وەزیر وەزارەتەکەی بە حەوزەی دینی و (شانۆو موزیک)یش بە کوفر و ئیلحاد تەشبیهات نەبێ شوبهاندبێ!

سەرکاتێر

سالم سەلیم





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# لەنجەو لارەکەی لە دین دەرمیکرد!

لە شارۆچکەییێکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی سلێمانی سواری تەکسییێک بەرەو شار بووم، بە قەولی ناحەزان دەڵێن ئەهلی شارۆچکەکە حەزییان لەدانیشتنی کورسی پێشەوەی ئوتومبیێلە! منیش بە قەولی پێشینان کە چوویتە شاری حافزانەوە، بە زەممەو فەتحەوە هەرچی شت هەیە لە سینەتا نەک مێشکتا حیفزو دەرخکەو وەک تووتی بەبێ تێگەیشتن بیانڵێرەوە! چوون (تێگەیشتن لەم دنیایە دەردە ئەمما دەردی سەر)! ئیدی بەپەلە تا سەرم بە ئاوێنەی پێشەوەدا نەکێشا لە کورسی لای شۆفێرەکەوە دانەنیشتم. دەژنەوم ڕادیۆکە قورئان دەخوێنێ، نگریشەم گرتە مەدالیاییێک هێندەی تایەی پاسکیلێکی منداڵانە دەبوو! بەزریزەیەکەوە بەبەرچاومدا دێت و دەچێ! ددان و ئەڵقەکانی زریزەکە هێند جوان بوو هەر لە قوڵفی کۆت و زنجیرە ناسک و دڵسۆزو پڕ لە ئەڤین و خۆشەویستییێکانی زیندانی (ئەوین)ی دراوسێ دووکانەکەمان دەچوو! تمەز ئەم پێچکەیە دووعاییێکی لەسەر نوسراوەو، موسلیم و بوخاریش گێڕاویانەتەوەو پشتگیرییان لێکردووە.. کە بۆ سواربوونی ئوتومبێل و شەمەندەفەرو تەنانەت کەرو حوشتریش پێکاوییێکەو تا زێتری وەخوێنیتەوەو بەدەنگی بەرزتر بیلێییتەوە، زێتر لە نووچدانی ناگەهان و چەتەی ئاخرزەمان و سەرسم و کەوتنەخوارەوەو ملشکان و گلان.. دەتپارێزێ. هەر کە شۆفێرەکە زانی من زۆر موعجیبم بەو دووعایە وتی: تۆ ئەمەیان بخوێنەوە. بەهەمان زنجیرو پێچکەو لارولەنجەوە دووعای لێخۆڕین و گەشت لەبەردەمیدا دەهاتودەچوو! ئەوەیان تایبەتبوو بە ڕەتتی بەلای چەقین و تامپۆن و وەرگەڕان و پەنچەربوون و ڕۆتدەرچوون و تەگەر شکان و...تد.

ئیدی دەستییێکرد: مامۆستا بۆ هەموو شتێ دووعای پێویست هەیە، چوونە سەر قەبران، مانگ و ڕۆژگیران.. دووعای لابردنی خەم و خەفەت، رزق و ڕۆژی (یا سفتاح یا رزاق)، تاڵی و شیرینی ژن لای مێردەکەی! سکپڕبوون، چوونە پەردەی زاوایەتی و دوعای بەستنی عەیبنەبێ هینەکەی زاوا! شووکردن (بەختی باش)، مانگ و خۆرگیران و چاوەزار، شیفای نەخۆش و بارانبارین... هەر ناوی بارانی برد، خێرا پێمبڕی.. چونکە دیار بوو تا دەگەینەوە شار هەر دووعاکانی دەژماردن و تەواو نەدەبوون و. .بێگومانیشبووم دەگەیشتە سەر دوعای نزرکەو پژمین وەستاندن و، چوونە ئاودەست و هاتنەدەر لێی و... بەرلەوەی پێی بڵێم ڕاستە ئێمە پێویستمان بە هەموو دووعاییێک هەیە تەنیا دوعاکەی شەنگاڵ نەبێ!

وتم : باشبوو باسی نوێژو نزای بارانت کرد. ئێمە بەمنداڵی سەرلەبەیانی بووکە بەبارانێیەکمان دەکرد عەسرو ئێوارە شەستەو ڕەهێڵە دایدەکرد، ئەوسا نووسەرانمان بە کتێب و شانۆگەری و نوکتە گاڵەیان بە دووعاو قەبزە نوشتەنووس دەکرد، کەچی بەدوو ورتەورتی وێردێ مەلا پەتێکی لە مەچەکی گرێدەداو لەرزوتاو گرانەتاو سێبەڕۆو فێ و پەرکەمی چاکدەکردەوە. ئەدی ئەوە دوو هەفتە زیاترە سەدان مەلاو هەزاران کەس بۆ پاڕاننەوەو لاڵانەوەی باران هاتنە ئەم دەڤەرو گردانە، کەچی نە بامان دی نە باران!

بە پێکەنینەوە وتی ئیمانت هەبێ و پەلەت نەبێ، ئەمڕۆ.. سبەی.. دوو.. لەم هەفتەیەدا هەر دەبارێ، کێ ناڵێ ساتێکی دی نم نم دەست بە بارین ناکا! وتم: ئاسمان ساماڵە. ئاخر هەور نەبێ باران نابێ. وتی: دبێ.. دبێ!

بێدەنگبووین تا گەشتینە نزیک شار، قورئانی ڕادیۆکە تەواوبوو دەستی بە دوگمەییێکدا نا و چووە سەر گۆرانییەکی حەسەن زیرەک.. ئەو ڕاستیکرد، گەرچی ئاسمان ساماڵیشە، کەچی باران بەسەر ئەو گۆرانیبێژە مورتەدو لەدین وەرگەڕاوەیشدا دەبارێ و ئەوەتا خۆش خۆش دەڵێ:

باران بارانە نم نم تەڕمیکرد. لەنجەو لارەکەی لە دین دەرمیکرد!

GEP
Karikatur Magazeen
No:119 25th Desember 2010
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

# تاپۆ هەقی چییە !

ئەمە خۆی لە ئەسڵا عنوانی تەمسیلێکی سەرکەوتووی کوردییە کە قەت لەبیر ناچێتەوە، ئەمما مەقسەدی من لێرەدا ئەو شتانەیە کە بەنێرەکەری ئەکرێن و وەک:

• ساحە چۆڵەکانی ناو شارەکانی کوردستان کراونەتە گەراجی ترێلەی درێژو تەنکەری خڕوخەپان و زۆرجاریش هەر لەوێ کڕین و فرۆشتنیان پێ ئەکرێت و کە ئەشڵێی ساحەکەتان گرتووە دەڵێن : تاپۆ هەقی چییە؟

• هەنێک فێر بوون ئەو بەری ماڵەکانیان کردووەتە عەرزی زەراعی و توورو کەرەوزی لێ دەچێنن و بە قامیشیش پەرژینیان بۆ کردوون، بەس حکومەت نزیکیان کەوێت یەکسەر ئەڵێن: ئەرێ تاپۆ هەقی چییە!

• کابرایەک تەنیشت ماڵەکەی کردبووە تەویلەی چێڵ و مەروماڵات، موهەندیسێک پێی وتبوو مامە لاییە، بەیانی بناغەی مەکتەب لێ ئەدەین وتبووی: نە عیلمی دنیا جامێ ماست ئەکات و نە تاپۆش هەقی هەیە بەسەرمەوە!

• دوکاندارێک ڕۆژ ئەبێتەوە تا ئێوارە دووکانەکەی چۆڵ ئەکات و هەمووی ئەخاتە سەر ڕەسیفەکە، وتبوویان لاییە موڵکی گشتییە و هی تۆ نییە، وتبووی: قابیلە هی تاپۆ بێ ؟!

• مەنسولێک نوقتەی حەرەسەکانی لە ناوەڕاستی جادەکەدا درووست ئەکرد وتیان : گەورەم ئەمە مەمنووعە، وتبووی خۆ تاپۆی نییە هەتا مەنووع بێت!!

• پیاوێک مەوقفی پاسێکی کردبووە چایخانە، و زوو زووش بە بەلەدیەی دەگوت: ئێوە هەقتان چییە؟

• بەعزێکیش فێر بوون بەڕۆژ عەرزی بەتاڵ ببینن بەشەو بینای دەکەن و چای بەیانیشی تێدا دەخۆن، بەس مەرحەبایەکیشی بکەیت دەڵێ: تاپۆ هەقی چییە؟

• لەوەش سەیرتر حەرەسی مەکتەبێک کە ماڵی لەوێیە، دوو ژووری لەسەر دوو ژوورەکەی مەکتەب درووست کردبوو وتبووی: ژن بۆ کوڕەکەم دێنم تاپۆ هەقی چییە بەسەر ژنهێنانی کوڕی منەوە ؟!!

• لەوەش خۆشتر کابرایەک لەبەرامبەر دائیرەی تاپۆی قەزایەک، دوکانێکی ئیستنساخ و لەفە فرۆشتنی داناوە، دائیرەکە پێیان وتبوو لاییە، فەرموو بووی : هەیبیی ئێوە هەقتان چییە ؟؟




کاریکاتێر
ئاراس باڵەتەیی
بێ توانج